# (پرسیار) وەک یەکێک لە بنەماکانی مەعریفە لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)ی شێرزاد حەسەندا

**دڵدار عدو وسو١ ، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی٢، ئالا سلێمان سمایل٣**

[١،٣] بەشی کوردی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

مرۆڤ ئەو بونەوەرە هۆشیار و بە ئاگایەیە، بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی حەقیقەت و ڕوداو و دیاردەکانی دەوروبەری، بەردەوام لە هەوڵی وروژاندنی پرسیاردایە. ئەم سروشتەی مرۆڤ لە حەزی گەڕان بۆ زانین و ئاشکراکردنی نهێنیی گەردون و کۆمەڵێک بابەتی بان-سروشت(میتافیزیک)ەوە سەرچاوە دەگرێت. دوای خوێندنەوە و بەدواداچونمان لەم بارەیەوە، ئەوەمان بۆ ئاشکرا بووە، کە ئەم جۆرە پرسیارە قووڵانە لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)، کە شێرزاد حەسەن نوسیویەتی، هەن و کۆمەڵێک پرسیاری لەو جۆرە وروژێندراون. لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە بوار و ئاستی پرسیارەکان دەستنیشان بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش پشتمان بە میتۆدی(وەسفی-شیکاری) بەستووە، توێژنەوەکەشمان بەسەر دوو بەش دابەش کردووە. لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆری لە بارەی چەمک و زاراوەی پرسیار و مەعریفە و پەیوەندیی نێوانیان خراوەتەڕو، لە بەشی دووەمدا دەقە وەرگیراوەکان لە ڕۆمانەکە شیکارکراون و ئاست و بواری پرسیارەکان باس کراون، لەپاڵ ئەمەشدا، هەوڵی ڕۆمانوس بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ڕونکراوەتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** پرسیار، بنەما، مەعریفە، ڕۆمان، دوا شەوی دابەزینی عیسی.

## ١. پێشەکی

پرسی پەیوەندیی نێوان ئەدەبیات و مەعریفە پرسێکی دێرینە و بە هەردو دیوی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەدا قسەی لەبارەوە کراوە، بۆ نمونە ئەفلاتون لە ڕێی تیۆریی مەعریفەکەیەوە بەشی زۆری ئەو مەعریفەیە ڕەتدەکاتەوە کە لەناو ئەدەبیاتدا هەیە و تەنیا ئەو مەعریفەیە پەسند دەکات، کە لەبارەی خواوەندەکانەوە بە شیعر دەهۆنرێتەوە، هەرچی هایدگەرە، پێی وایە ئەو مەعریفەیەی لە شیعردا هەیە، تەنانەت لە خودی فەلسەفەشدا بەدەستناکەوێت و مەعریفەی ناو شیعر زۆر ئەولاترە لەو مەعریفەیەی لە فەلسەفە وەریدەگرین. کەواتە پەیوەندیی نێوان ئەدەبیات و مەعریفە بەپێی تێڕوانینی نوسەر و ژانرە ئەدەبییەکە دەگۆڕێت.

ڕۆمان، چونکە بە پەخشان دەنوسرێت، بواری وردتر و بەرفراوانتری قسەکردنی لەبارەی بابەتەکانەوە تێدا ڕەخساوە و زۆربەی ئەو بابەت و ڕوداو و دیاردانەی ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا درکیان پێ دەکەین، دەیانبینین، یان بە خەیاڵماندا دێن، کراونەتە بابەتی ڕۆمان. لەم سۆنگەیەوە ڕۆمان دەستەوەستان نەبوە لە وروژاندنی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە ناسین و مەعریفەی بون و دیاردەکانەوە هەبوە.

ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)ی (شێرزاد حەسەن) لەو ڕۆمانانەیە، کە لە ڕێی تەکنیکی دایەلۆگەوە گەلێک لەو پرس و دیاردە و بونانەی خستووەتەڕو و قسەی لەبارەوە کردون، کە لای خوێنەر جێی پرسیارن.

### ١-١ناونیشان و پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی : **پرسیار وەک یەکێک لە بنەماکانی مەعریفە لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)ی شێرزاد حەسەن** دایە.

هەروەها ئەو پرسیارانەی ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ وەڵامیان بداتەوە ئەمانەن:

١. ئەو بون و دیاردانەی پرسیاریان لەبارەوە کراوە کامانەن؟

٢. ئایا ڕۆمانوس تەنیا پرسیارەکانی خستووەتەڕو، یان وەڵامیشی داونەتەوە؟

٣. ئەو مەعریفەیەی خوێنەر لە پرسیار و لە وەڵامی پرسیارەکانەوە دەستی دەکەوێ، لە چ ئاستێکدایە؟

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٣ ئادار ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٢ ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: sangar.shekhmohammad@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ دڵدار عدو وسو، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، ئالا سلێمان سمایل،
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp178-188

### ١-٢ گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە هەوڵی ئەوەدایە بایەخ و گرنگیی (پرسیار) وەک هۆکارێکی گرنگی بەرهەمهێنانی مەعریفە لای ڕۆمانوس دەستنیشان بکات. هەروەها توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ سەرنجدان لە دونیابینی و هزری ڕۆمانوس سەبارەت بە کۆمەڵێک پرس، کە پەیوندییان بە دیاردە و بونەکانەوە هەیە و پێویستییان بە بیرکردنەوەی قووڵە.

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوەکە:

١- دۆزینەوەی جۆر و ئاستی ئەو پرسیارانەی لە ڕۆمانەکەدا خراونەتەڕو.
٢- ئاشکراکردنی ئامانج و ویستی ڕۆمانوس و دەرخستنی خواستی ڕۆمانوس بەوەی دەیەوێ خوێنەرانی بەرەو کام بوار و زەمینەی بیرکردنەوەی مەعریفی ئاراستە بکات.

### ١-٤ سنوری توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا کار لەبارەی (چەمکی پرسیار) کراوە وەک سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی مەعریفە و بۆ پراکتیزەکردنیش تەنیا ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)ی شێرزاد حەسەن وەرگیراوە.

**١-٥ میتۆدی توێژینەوەکە :** میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکە وەسفی- شیکارییە.

### ١-٦ پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان، لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆری لە بارەی چەمک و زاراوەی پرسیار و مەعریفە و پەیوەندیی نێوانیان خراوەتەڕو، هەروەها باس لە ئاستەکانی مەعریفە و ڕێژەییبون یان نەبونی مەعریفە کراوە. لە بەشی دووەمدا نمونەی پێویست بۆ شیکردنەوە و دەرخستنی جۆری پرسیار و ئەو مەعریفەیەی لێیانەوە دەست دەکەوێت، هێنراونەتەوە.

## ٢- چەمک و چییەتیی پرسیار:

پرسیار، وەک یەکێک لە بنەما گرنگەکانی گەڕان و بەدەستهێنانی زانین، هەمیشە چەکێکی کاریگەر و ئامرازێکی بەهێزی دەستی مرۆڤ بووە، بۆ کەشفکردنی دیاردە و ڕوداوەکانی دەوروبەری. فەیلەسوفان هەر لە کۆنەوە و لە سەردەمی ئەفلاتون بە دواوە، درکیان بە گرنگی و بایەخی پرسیار وەک ئامرازێکی گەیشتن بە زانین کردووە و بە کلیلی بیرکردنەوە و ڕێبازێکی بەرزی مرۆییبیان زانیوە (سجادیە، خلیل آباد، ١٣٩٥، ٤٣).

لە لایەنی زمانییەوە، پرسیار ئەو دەربڕینەیە، کە ویستی سەلماندنی گریمانەیەک یان زانینێکی تەواونەکراوی هەیە" (حیدری، حاتمیان، ١٣٩٩، ١٢١)، هەروەها پرسیار ئەو ئامرازە گرنگەیە، کە بۆ سەلماندنی گریمانە و پێشبینییەکانی مرۆڤ سودی لێ دەبینرێت و "یەکێکە لە شێوازە باوەکانی پێکهێنانی فەزای دیالۆگ و گفتوگۆکردن لە نێوان قسەکەر و گوێگر یان خوێنەر، کە تێیدا سود لە نیشانەی پرسیار(؟) یان کردەی قسەیی وەردەگیرێت، کە مەبەست لە کردەی قسەیی ئەوەیە، قسەکەر بە هۆی گۆڕینی ئاوازی ڕستە بۆ شێوازی پرسیاری، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرسیارەکەی دەوروژێنێت" (حجتی زادە، ١٣٩٤، ١١٤)، کەواتە مەرج نییە تەنیا بەهۆی ئامرازی پرسیارکردنەوە پرسیار ئاراستەی خوێنەر یان گوێگر بکرێت، بەڵکو نوسەر یان قسەکەر زۆرجار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرسیارەکەی دەخاتەڕو.

سەرچاوەی پرسیارکردن لای مرۆڤ بۆ خودی مرۆڤ دەگەڕێتەوە؛ کە بونەوەرێکی مەعریفەخوازە و حەزی لە ناسین و کەشفکردنی دیاردە و ڕوداوەکانی دەوروبەریەتی، ئەگەر ئەم حەز و سروشتە لە مرۆڤدا نەبوایە، ئەوا زانیاری و مەعریفەی مرۆڤیش هاوشێوەی بونەوەرەکانی دیکە لە سنورێکی دیاریکراو، لە شوێنی خۆی دەمایەوە و نەدەچووە پێش" (فرزاد، ١٣٨٣، ١٧٩). لەم سۆنگەیەوە دەکرێت وای لێکبدەینەوە، زۆرینەی زانین و مەعریفەی مرۆڤ لە ڕێگەی پرسیارەوە بەدەستدێت، هەروەک (هانز جۆرج گامێر: ١٩٠٠-٢٠٠٢)ی ئەڵمانی دەڵێت: "کلیلی گەیشتن بە زانین تەنیا و تەنیا پرسیارکردنە" (واعظی، ١٣٨٥:٢٤٣)، هەر بۆیە بەپێی ئەم تێگەیشتنەی گادامێر، هەبونی پرسیار، دەروازەی بیرکردنەوە و ڕۆچون بەناو بابەتەکان و بەدەستهێنانی زانیارییە و "ئامانج لە پرسیارکردن گەیشتنە بە زانین و ئاگایی، ئەم تایبەتمەندییە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، واتە مرۆڤ بەسروشت حەزی لە زانین و ئاگاییە، ئەم ڕاستییەش هۆکاری پێشکەوتنی مرۆڤە" (امید و احمد، ١٣٩٥، ٣٤٨) لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پێشکەوتن و بەرزیی ئاستی مەعریفیی تاک و کۆمەڵگا، هۆکاری سیستماتیکبون و مسۆگەرکردنی داهاتویەکی باشترە، "زانین و مەعریفە، یارمەتیدەرێکی باشن، بۆ ئەوەی مرۆڤ داهاتویەکی جوانتر و باشتر بۆخۆی بینا بکات و پرسیار لەبارەی ئاینده و کۆمەڵێک بواری جیاواز بکات. پرسیار دەبێتە هۆکارێکی گرنگ، تا مرۆڤ بە هۆیەوە بیربکاتەوە و لە شتەکان بکۆڵێتەوە، بەمەش تاکو پرسیار نەوروژێندرێت، تێهزرین و بیرکردنەوەش لای مرۆڤ چەکەرە ناکات، هەتا بیریش نەکرێتەوە، زانین و کەشفی ڕاستی و حەقیقەت بەدەستناهێنرێت" (حائری، ١٣٩٠، ٢٢)، کەواتە پرسیار، بیرکردنەوە و زانین وەک ئەڵقەیەکی پێکەوە بەستراو وان، لە ئەگەری نەبونی هەریەکەیان، هەبونی ئەوانی دیکە بێ بەها دەبێت.

(ئەفلاتون:٣٤٧-٤٢٧پ.ز.) لە نامەی (Theaetetus) دەنوسێت: "بیرکردنەوە گفتوگۆیەکە، کە ڕۆح لەگەڵ خۆیدا ئەنجامی دەدات... ڕۆح لە ساتی بیرکردنەوەدا جگە لە پرسیارکردن لە خۆی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خۆی، هیچ کارێکی دیکە ناکات" (سجادیە، خلیل آباد، ١٣٩٥، ٤٤)، ئەفلاتون پرسیارکردن بە کلیلی بیرکردنەوە دەزانێت، کە تاک لەگەڵ خودی خۆیدا ئەنجامی دەدات، واتە مرۆڤ لە ڕێگەی پرسیارەوە تەواوی ڕۆح و وجودی تێکەڵ بە بیرکردنەوە دەکات.

هەر لەم بارەیەوە (سۆکرات:٣٩٩-٤٧٠)، کە لەڕێی ئەفلاتونەوە بۆچونەکانی بە ئێمە گەیشتون، باوەڕی وایە "زانین و بە دەستهێنانی مەعریفە لە ڕێگەی گواستنەوە زیاد ناکات، بەڵکو کەشفی زانین و فێربونی شتی نوێ، لە ڕێی چالاکیی هزرییەوە دەکاتە ئەنجام، بەم شێوەیە سۆکرات پرسیار وەک هۆکاری بنەڕەتیی فێربون و زانین دەبینێت" (سجادیە،١٣٩٦، ٧٠). ئەو جەخت لەسەر ناسین لە ڕێگەی چالاکیی هزری دەکاتەوە و پێیوایە، مرۆڤ لەڕێگەی بیرکردنەوە و چالاکییە هزرییەکانی دەتوانێت درک بە زانین و کەشفی زانین بکات و کەمتر لە ڕێی گواستنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە ئەمە ڕودەدات. ئەوەی مەبەستە لێرەدا ئەوەیە، مەعریفە، جا چ لای تاکێک یان گروپێک یان کۆمەڵگە هەڵگیرابێت، لەمانەوە ڕاستەوخۆ ناگوازرێتەوە، بەڵکو پتر ڕۆڵی کارای یاریدەدەر و وروژێنەری بیر دەبینێت و ئەمانە لەدەرەوەی کەسەکە هاندەر دەبن، تا تاک قووڵ بیربکاتەوە، بەڵام ئەوەی لە هەموی گرنگترە ئەوەیە، تاک دەبێ خۆی بیربکاتەوە و خۆی لە بون و دیاردەکان وردبێتەوە و ڕابمێنێ و بیانناسێ.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp178-188

میخائیل باختین(١٨٩٥-١٩٧٥)، ئەدیب و بیرمەندی ڕوسی، پێیوایە ''گشت ناسین و زانینێک پێویستیی بە پرسیارە، چونکە لە دیدی ئەودا بنەمای زانین ئەوەیە، کە وەڵامی پرسیارێک بداتەوە'' (سجادیه، خلیل آباد، ١٣٩٥، ٤٣)، بۆیە هەر زانینێک بنەماکەی خۆی لە وروژاندنی پرسیارێکەوە وەردەگرێت و هیچ زانینێک نییە، مەگەر ئەوەی پرسیاری لەگەڵدا بێت، یان بەرهەمی پرسیارێک بوبێت.

مارتن هایدیگەر(١٨٨٩-١٩٧٦)، فەیلەسوفی ئەڵمانی، پرسیار بە دەروازەی گەڕان بەدوای زانین دەزانێت و لەو باوەڕەدایە پرسیار گەڕان و خواستنە و دەبێت لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە بەردەوام درێژەی پێ بدرێت و وابەستەی وەڵامێکی جێگیر نەبێت، بۆئەوەی خۆی لە چەقبەستویی ڕزگار بکات'' (Heidegger, 1996, 3)، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەم تێگەیشتنەی هایدیگەر، ئەوە بە ئاسانی لەوە تێدەگەین، زانین یان مەعریفە، پرسێکی جێگیر و ڕەها نییە و مرۆڤ لە ڕێگەی بەردەوام پرسیارکردنەوە پەرە بە زانین و مەعریفە دەدات، واتە بە ڕای ئەو زانین لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە فراوان دەبێت.

### ٢-٢ پۆلێنبەندیی پرسیار:

پۆلێنبەندی و دابەشکردنی پرسیار بەسەر چەند جۆرێکدا، کەمێک دژوار دێتە پێشچاو، ئەمەش لەبەرئەوەی پۆلێنبەندیی جیاواز هەیە و دەکرێت پرسیار بە پێی بابەت، ڕۆنان، ئاست... هتد پۆلێن بکرێت، لێرەدا ئەو پۆلێنەی، کە خراوەتەڕو لەسەر بنەمای وەڵامی خوێنەر ئەنجامدراوە، کە تیایدا دەکرێن بەم دو جۆرە:

#### ٢-٢-١ پرسیاری داخراو

ئەم جۆرە پرسیارانە خوێنەران بۆ وەڵامی کورت و سنوردار ئاراستە دەکەن، ئەوانەی بە (بەڵێ) یان (نەخێر) یان وەڵامی زۆر کورت وەڵام دەدرێنەوە، لێرەدا ئەو چوارچێوەیەی، کە خوێنەر تیایدا بەدوای وەڵامدا دەگەڕێت، چوارچێوەیەکی دیاریکراوە و پێشتر وەڵامەکان هەبون، ئەو زانین و زانیارییەی لە خوێنەر داوا دەکرێت، لە ئاستی بیردانگ دان و خوێنەر تەنیا زانیارییەکان بیرخۆی دێنێتەوە'' (حجتی زاده، ١٣٩٤، ١١٨). مەبەستی سەرەکی لەم جۆرە پرسیارانەدا، هاندانی خوێنەر نییە بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی زانین و مەعریفەیەکی نوێ و تازە، بەڵکو دەکرێت ئامانج لێی پشتڕاستکردنەوەی زانین یان زانیاری و ئەزمونەکانی پێشتر بێت، ''پرسیارە داخراوەکان بواری بیرکردنەوە کەمتر دەکەن و زیاتر مەبەستەکە لێی هاندانە و خوێنەر بە ئاراستەی دوبارەکردنەوە و پەسندکردنی وەڵام و دیدگای پرسیارکەر هاندەدات، واتە لە پرسیاری داخراودا سەرنج لەسەر بابەتە و خوێنەر ناتوانێت تێڕوانینی خۆی تێبئاخنێت و لە چوارچێوە دیارەکە لابدات'' (هارلن، ١٣٧٩، ١١٢) لێرەدا قسەکەر دید و تێڕوانینەکانی خۆی پێشتر خستووەتەڕو، دواتر وەک بیرهێنانەوە، دوبارە پرسیار دەخاتەوە بەردەم خوێنەر.

#### ٢-٢-٢ پرسیاری کراوە:

پرسیاری کراوە، هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە، بواری بیرکردنەوە و تێڕامانی زیاتر بۆ خوێنەران دەڕەخسێنێت، لە پرسیاری کراوەدا ''بواری دەربڕینی هەست و دیدگا و بیرکردنەوە بۆ خوێنەر فەراهەم دەکرێت، لێرەدا بە پێچەوانەی پرسیاری داخراو کە سەرنج لەسەر بابەتە، زیاتر جەخت لەسەر تاک دەکرێتەوە و مەبەستەکە زانینی ئاست و باوەڕی تاکە لەبارەی ناوەڕۆک و بابەت (هارلن، ١٣٧٩، ١١٣). دەکرێت بڵێین، ئەم جۆرە پرسیارانە دەرگا بۆ خوێنەر دەکەنەوە، تا لە ڕێگەیەوە بچێتە ناو بیرکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەو بوارەی پرسیاری لەبارەوە کراوە، خوێنەر بەهۆیەوە بە گوێرەی ئەزمون و درککردنی خۆی لەمەڕ بابەتەکە، وەڵامی پرسیار دەداتەوە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم جۆرە پرسیارانە ئەوەیە، کە ''بواری خستنەڕوی وەڵامی دورودرێژی تێدایە و دەرفەتی داهێنان و خستنەڕوی وەڵامی ورد و بەجێ بە خوێنەر دەدات، هەروەها وەڵامی جیاجیا و زانیاریی بەرفراوان لەم ڕووەوە پێشکەش دەکرێن، لێرەدا خوێنەر ڕوانگە و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی باس دەکات، ئەمەش زیاتر پرسیارە فەلسەفییەکان و ئەو پرسیارانە لەخۆدەگرێت، کە خوێنەر بەرەو ئامانجە دروستەکە ئاراستە دەکات'' ( حجتی زاده، ١٣٩٤، ١١٨). ئەوەی پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوە لە بابەتە میتافیزیکییەکان و بون هەیە، لە ڕێگەی پرسیاری فەلسەفییەوە قسە و باسی لەبارەوە دەکرێت کە خودی ئەو پرسیارانە هیچ وەڵامێکی ڕەها و تەواو بەدەستەوە نادەن، پرسیارە ڕێنوێنیکەرەکانیش ئەوانەن کە خوێنەران بە ئاراستەی درککردن بە زانین، ئاراستە دەکەن.

### ٢-٣ چەمک و چییەتیی مەعریفە(زانین):

زانین هەر لە کۆنەوە جێی بایەخی فەیلەسوفان و بیرمەندان بووە و تا ئێستاش ئەو پێگە و گرنگییەی خۆی لە زەمینی هزر و فەلسەفەدا هەر ماوە. چەمکەکە لە زمانی کوردیدا دەشێ هەڵگری دو واتا بێت کە ''بەرانبەر هەریەک لە زاراوەکانی (Knowledge) و (Episteme)ی ئینگلیزی داندراوە، لە یەکەمیاندا بە واتای زانین، ناسین، دانایی هاتووە و لە دووەمیشدا واتا وشەی (Episteme) بە واتای زانیاری و زانست و مەعریفە دێت'' (شەریفی، ٢٠٠٧، ٢١٤)

ئەم دو وشەیە، واتە مەعریفە چ وەک زانست چ وەک زانین، بە ڕەهایی لێک جیاواز نین، بەڵکو زۆر جار ئەم دو وشەیە بە یەک شت دادەنرێن و لە شوێنی یەکتریش بەکاردەهێنرێن. لەگەڵ ئەوەشدا لە فەرهەنگە فەلسەفی و زمانییەکاندا بەو چەشنە باس لە مەعریفە کراوە: مەعریفە واتە ''شارەزابوون، ئاگاداربوون یان ناسین و تێگەیشتن لە کارامەییەکان'' (عبدالله زادە، ٢٠١٥، ٢٤٨). دەکرێت وا لێکبدەینەوە، کە مەعریفە لە ڕێگەی ئەزمون، فێربون یان دۆزینەوە بەدەستدەهێندرێت، لەمبارەوە دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) و (عەقڵخوازە)کان لە بارەی مەعریفە ناسییەوە باوەڕیان وابو، تەنیا لە ڕێگەی عەقڵەوە دەکرێت کەشفی زانینی ڕاستەقینە بکرێت (کهون، ١٣٩٤، ١٥)، لەبەرانبەریشدا جۆن لوک (١٦٣٢-١٧٠٤) فەیلەسوف و بیرمەندی سیاسیی ئینگلیز، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە تەواوی زانین و ناوەڕۆکە هزرییەکانی مرۆڤ لەڕێگەی ئەزمونەوە بەدەستدەهێندرێن. لە دیدی عەقڵگەراکان سەرچاوەی زانین عەقڵ و لێکەوتەکانی عەقڵە، بەڵام ئەزمونگەراکان باوەڕیان وایە، زانین لەڕێگەی ئەزمونی مرۆڤەوە بەدەستدەخرێت، واتا هەر زانین و مەعریفەیەک نەکەوێتە واری ئەزمونکردنەوە، بە مەعریفەیەکی دروست و باوەڕپێکراو نازانرێت.

#### ٢-٣-١ جۆرەکانی مەعریفە:

زانین و دەستکەیشتن بە زانین پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، تاکو شارێکانی دەردەکەون و شێوە و فۆرمی خۆی وەردەگرێت، هەروەها چەند جۆرێکی دیاریکراوی هەیە، کە جۆرەکانی بە گوێرەی بابەت، ئامراز و میتۆدی بەکارهاتو دەستنیشان دەکرێت. لێرەدا چەند جۆرێکی زانین لەسەر بنەمای بابەت دەخەینەڕو، گرنگترینیان ئەمانەن:

**مەعریفەی ئایینی:**

ئەم جۆرە زانینە بریتییە لە بیروباوەڕە ئایینیەکان سەبارەت بە شتەکانی دەوروبەر و دیاردە شاراوەکانی جیهان و ''لقێکە لە لقەکانی مەعریفەی مرۆیی'' ( کریمی، ١٣٩٤، ٢٢) و هەر ئایینێک مەعریفە و زانینێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە ''مرۆڤ لە ڕێگەی سروش دەستی پێدەگات و وەک حەقیقەتی ڕەها سەیری دەکات'' (عزیز، ٢٠١٤،

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp178-188

١٦٥). بەمجۆرەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زانینی ئایینی سەرچاوەکەی بۆ ئیلهام و سروش(وەحی) دەگەڕێتەوە و لقێکی سەرەکیی مەعریفەی مرۆییە.

**مەعریفەی زانستی:**

هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە، ئەم جۆرە زانین و مەعریفەیە بە ڕێگەیەکی ئەکادیمی و بە پشتبەستن بە ڕێبازێکی زانستی دەستەبەر دەبێت، "لە پرۆسەی مەعریفەی زانستیدا میتۆدی زانستی بۆ توێژینەوە و تاوتوێکردنی بابەتە زانستییەکە دەگیرێتەبەر. لە سەرەتادا ئەم مەعریفەیە پەیوەستبو بە ئایین، ئەفسانە و فەلسەفە، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی کەمی هەبو، بەڵام دوای قۆناغی سەرمایەداری و سەرمایەداریی پێشکەوتو، مەعریفەی زانستی لە چەندین لایەنەوە شوێن بە مەعریفەی فەلسەفی چۆڵ دەکات" (ئەسوەد، ٢٠٠٩، ٤٦). مەعریفەی زانستی لە قۆناغی بەرەوپێشچونی بیری سەرمایەداری و گیانی کێبڕکێ و بەتایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی هزری مۆدێرن دێتە ناوەوە و کاریگەرییەکانی لە چەندین ڕووەوە بەدیاردەکەون.

**مەعریفەی فەلسەفی:**

مەعریفەی فەلسەفی ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت، کە دەکەونە خانەی بابەتە سرک و ئاڵۆزەکانەوە، واتا ئەو بوار و بابەتانەی کە پێویستیان بە تێڕامانی قووڵ و بەڵگەهێنانەوە هەیە. لە لایەنی مێژووییەوە ئەم جۆرەی مەعریفە "مێژووەکەی بۆ سەردەمی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، کە لەو سەردەمەدا بایەخێکی زۆری هەبووە، مەعریفەی فەلسەفی کارلێک لەگەڵ کردە زەینییەکاندا دەکات، کە مەرج نییە ئەو کردە زەینیانە ڕاست بن، ئەم جۆرە مەعریفەیە زیاتر مەعریفەیەکی تاکەکەسییە لەوەی مەعریفەیەکی دەستەجەمعی بێت" (ئەسوەد، ٢٠١٤، ٤٧)، لێرەوەیە مەعریفەی فەلسەفی سەروکاری لەگەڵ کردە زەینییەکانی تاکەکەسدا هەیە و مەرجیش نییە ئەو کردە زەینیانەی تاکەکەسێک لەگەڵ ڕاستی هاوئاهەنگ بێت.

هەروەها مەعریفەی فەلسەفی ئەو بابەتانەش دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە میتافیزیکەوە هەیە، زیاتر پەیوەستە بەو بابەت و ڕوداوانەی دەکەونە جیهانی نادیار و سەروی سروشتەوە، ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت دەستی پێبگات "ئەم مەعریفەیە بەهۆی درکپێکردنی مرۆڤەوە دەستەبەردەکرێت و دوای ئەوەی بەهۆی ژیرییەوە مشتوماڵ دەکرێت، چوارچێوەیەکی تایبەتیشی پێدەدرێت. ئەم جۆرەی مەعریفە خەسڵەتێکی میتافیزیکی هەیە، بەوە لە مەعریفەی زانستی جیا دەکرێتەوە کە مەعریفەی زانستی تەنیا لەبارەی شتە بەشەکی و پاژەکانە، بەڵام مەعریفەی میتافیزیکی هەمەکی و گشتگیرە" (عزیز، ٢٠١٤، ١٦٦). لێرەدا قسە و باسەکان گشتگیرن و هەوڵدەدرێت لە چوارچێوەیەکی هەمەکیدا بابەتەکان لێکبدرێنەوە و شرۆڤە بکرێن، بەو واتایەی، کاتێک تێڕوانینێک لەبارەی هەر بونێکەوە دەخرێتەڕو، ئەوا وەکو تیۆرێکی گشتگیر دەخرێتەوە ڕو و ئەوەی لەبارەی بون یان دیاردەیەک دروست بێت، ئەوا بۆ بون و دیاردەکانی دیکەش دروست دەبێت.

**٢-٤ ئاستەکانی مەعریفە:**

دەستنیشانکردنی ئاستەکانی مەعریفە کەمێک ئاڵۆزە، ئەمەش لەبەرئەوەی هەر فەیلەسوفە و چەند ئاستێکی بۆ مەعریفە دیاریکردووە، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو پلەبەندییە بخەینەڕو، کە زۆرینەی بیریاران لەسەری کۆکن:

**٢-٤-١ مەعریفەی سادە و ڕۆتینی:**

ئەم جۆرەیان مەعریفەیەکی سادەیە و زیاتر پەیوەستە بە کاروباری ژیانی ڕۆژانەوە و قووڵبونەوە و لێوردبونەوەی تێدانییە، لەڕێگەی سەرچاوە دەرەکییەکانەوە بەدەستدێت و پێویست بە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەیی ناکات (seminar.., 2020, p11) . واتا ئەو زانیارییانەن، کە مرۆڤ لەڕێگەی واقیع و دەوروبەر و کەلتوری ناوچەیی بەدەستی دەهێنێت و پێویست بە تێڕامان و وردبونەوەی قووڵ و ڕەخنەگرانە ناکات.

**٢-٤-٢ مەعریفەی ڕوکاری :**

ئەم جۆرە زانین و مەعریفەیە پلەیەک لە مەعریفەی ڕۆتینی بەرزترە و پەیوەستە بە زاهیری شتەکان، واتە زانینەکان لە چوارچێوەی ڕوکەشی شتەکان و وردەکاری و ناوەڕۆکی شتەکان شاراوەن و زانیارییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگاوە بە دەستدەهێندرێن" (امین، ١٩٧٤، ١٤). لێرەدا مەبەست لە مەعریفەی سادە زیاتر ئەو شتانەیە کە مرۆڤ لەڕێی یادکردنەوەیەکی سادەوە دەیخاتە ڕو، بێ ئەوەی قووڵ ببێتەوە، بۆ نموونە وەک وەڵامی چەند پرسیارێکی سادەی لەم شێوەیە: ناوت چییە؟ لە کوێ دەژی؟ تەمەنت چەندە؟ هەرچی مەعریفەی ڕوکارییە زیاتر ئەو زانینەیە، کە مرۆڤ لەڕێی دەوروبەرەکەی خۆیەوە بەدەستی دەهێنێت، بۆ نموونە باوەڕە ئایینییەکانی تاک، ئەوەی کە لەڕێی کۆمەڵگاوە فێری بووە، لێرەدا تاک تەنیا ڕوکەشی شتەکان دەزانێت و مەرج نییە ئەو زانیارییانەی وەریگرتووە دروست و تەواو بن.

**٢-٤-٣ مەعریفەی قووڵ:**

ئەم مەعریفەیە پشت بە سەلماندن و بەڵگەی لۆژیکی دەبەستێت و لەڕێی کەناڵ و سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بەدەستدەهێندرێت (اویزرمان، ١٩٨٢، ١٢١). دەکرێت بڵێین ئەم جۆرە مەعریفەیە زیاتر لەڕێی خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوەکانی دیکەوە بەدەستدەهێندرێت و ئەو زانیاریانەش زانیاریی بەشەکین و توخمەکان بە جیاجیا شیدەکرێنەوە، بەڵگەی پێویستیش بۆ سەلماندنی مەعریفەی بەدەستهاتو دەخرێتەڕو.

**٢-٤-٤ مەعریفەی باڵا (ڕۆشنگەر):**

مەعریفەیەکی گشتگیرە و هەوڵدەدرێت ڕێسا و یاسا بنەڕەتییەکانی بابەتەکان پێکەوە لێکبداتەوە، واتە گەڕانە بەدوای هۆکاری یەکەم، کە دەکرێت لەڕێیەوە هەمو ئەو شتانە بزانین، کە لە تواناندا هەیە بزانرێت. ئەم مەعریفەیە زیاتر لەڕێی هزر و بیرکردنەوەی فەلسەفییەوە بەدەستدەهێندرێت (سروش، ١٣٨٦، ٣٣-٣٤)، واتە ئەو زانینەی دەخرێتە ڕو لە ڕێی بیروبۆچونی فەیلەسوفەکانەوە بەدی دێت. فەیلەسوفان هەوڵدەدەن زانینێکی گشتی و هەمەکی بدۆزنەوە و خۆیان لە بابەتی لاوەکی و بەشەکی بەدوردەگرن، چونکە ئەوان دەیانەوێت لە یەک چوارچێوەدا تەواوی شتەکان لێکبدەنەوە.

## ٣- جۆر و ئاستی پرسیارەکان لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)دا

وەک پێشتر گوتمان، چنینی ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا) لەسەر پرسیارکردن دامەزراوە و بەشی هەرە زۆری ڕۆمانەکە لە پرسیار و وەڵام پێکهاتووە، کە زۆرینەی جۆر و شێواز و ئاستەکانی پرسیاری تێدا مەزرێنراون:

### ٣-١- پرسیاری داخراوی مەعریفی لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)دا:

وروژاندنی پرسیار لە هونەری ڕۆمانتوسیدا تەکنیک و ڕێگەیەکی دیارە، زۆرێک لە ڕۆمانتوسان کەڵکی لێوەردەگرن، کە زۆرجار لەکاتی گێڕانەوەدا بەشێکی وەڵامەکە دەخرێتەڕو، بەڵام جاری واش هەیە وەڵامی پرسیارەکە بۆ خوێنەران بەجێدەهێڵدرێت، پرسیاری داخراو ئەو بوارە بە خوێنەر نادات لە کاتی وەڵام وەرگرتنەوەدا زۆر قووڵبێتەوە، بەڵکو وەڵامەکەی بە دەربڕینێک ئاشکرا دەکرێت. ڕۆمانتوس لە ڕۆمانەکەدا بەشێکی پرسیارەکانی بەشێوەی پرسیاری داخراو خستۆتەڕو، بۆ نموونە کاراکتەری (من) یاخود کاراکتەری سەرەکی یان گێڕەرەوە، کە ئەم کاراکتەرە خۆی هەڵسوڕێنەری زۆربەی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، کاتێک چاوی

بە عیسای مەسیح، یان باشتر وایە بڵێین کارەکتەری دووەمی ڕۆمانەکە دەکەوێت، لێی دەپرسێت:

**" پاش بەخێرهاتن و پشوو وەبەرداهاتنەوە لێمپرسی:**

**دەتوانم بزانم ئێوە کێن؟**

**بەسادەیی و بە زمانێکی ڕەوان زاری هەڵێنا : بۆ نا، من عیسای مەسیحم".** (حەسەن، ٢٠١٥، ٤٣).

وەک دەبینین بۆ وەڵامی پرسیارەکە و دەستگەیشتن بەو زانینە، تەنیا دەربڕینێکی سادە بەسە، ئیدی پێویست بە درێژدادڕی و بیرکردنەوەی قووڵ ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ زانین و مەعریفەکەمان دەستدەکەوێت.

ئەم شێوازی پرسیارکردنە لەناو ڕۆمانەکە و لەدرێژەی دیالۆگەکان بەردەوامیی هەیە؛ لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەدا عیسای مەسیح پرسیار لە کاراکتەری سەرەکی دەکات:

**"لەبەر خوێنی داچۆڕاوی تەختی تەوێڵم چاوەکانم ڕەشکە و پێشکە دەکەن و روون و دیار هیچ شتێک نابینم، ئەوانە کێن بەردەم تێدەگرن؟ دۆستن یان دوژمن؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٣٣). لەم یەکتر دواندنەوەدا بەڕونی ئەوە بەدیاردەکەوێت، کاراکتەری دووەم بۆ دەستگەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکە، تەنیا داوای هەڵبژاردنی یەکێک لەو دو بژاردانەی لە کاراکتەری سەرەکی کردووە، واتا ئەو مەعریفەیەی، کە داوای دەکات سنوردارە و وەڵامەکەی لێکدانەوە و مشتومڕ هەڵناگرێت.

کاراکتەری عیسای مەسیح لە درێژەی پرسیارەکانیدا، پرسیارێکی دیکەی لەم چەشنە دەخاتەڕو، ئەمجارەیان بە وتنی (بەڵێ) یان (نەخێر)ێک دەستی بە مەعریفە و زانینەکە دەگات، وەک دەڵێت:

**"مەگەر من و تۆ دوو ڕێبواری هەڵەتە نەبووین، کە لەدەست پیاوەکانی پاشا ڕامانکرد، دوو ڕێبوار کە لە دووڕیانێکدا بەیەکگەیشتین؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٣٣).

لە ڕۆمانەکەدا چەندین پرسیاری لەمجۆرە بەرچاو دەکەون، کە ڕۆماننوس لە دیالۆگ و مۆنۆلۆگەکانیدا سودی لێبینیون، لێرەدا نمونەیەکی دیکەی ئەم جۆرە پرسیارە دەخەینەڕو، واتا پرسیارێکی داخراوی ئایینی، ئەمەش کاتێک کاراکتەری (من) پرسیار لە عیسا دەکات:

**"ئەرێ بەڕاست تۆ شەل و کوێر و کەڕ و لاڵت چاک دەکردەوە؟**

**مردووت زیندوو کردۆتەوە؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٥٢).

لێرەوە ئەو مەعریفە و زانینەی پێویستە بخرێتەڕو، زۆر سنوردارە، تەنیا بە دەربڕینی (بەڵێ) و (نەخێر)ێک، کەسی پرسیارکەر مەعریفەکەی دەست دەکەوێت.

## ٣-٢- پرسیاری کراوەی مەعریفی لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)دا:

پرسیاری کراوە، لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت، سروشتەکەی وایە، وەڵامی جیاواز لەخۆدەگرن، واتە وەڵامی ئەمجۆرە پرسیارانە بەپێی تاکەکان و دۆخی وەڵامدانەوە جیاوازییان تێدەکەوێت؛ پاشخان و ڕۆشەنبیریی تاک بڕیار لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەدات. ڕۆماننوس چەند پرسیارێکی لەم چەشنەی لە گێڕانەوەکەیدا بەکارهێناوە، هەروەک دەبینین کاراکتەری(عیسا)ی مەسیح پرسی خوێندن و نوسین و گرنگییەکەی دێنێتەوە پێش، کە لە گێڕەرەوە یان کاراکتەری سەرەکی دەپرسێت **"کە ئەوەندە ناتومێدی بۆچی دەنوسیت؟" (حەسەن، ٢٠١٥،٢٨٦).** لێرەوە پرسی نوسین و بەدواداچون، هەم لەلایەنی ئایینی، هەمیش لەلایەنی فەلسەفی قسەی زۆری لەبارەوە کراوە. لەلایەنی ئاینییەوە بە تایبەت ئاینی ئیسلام پرسی گەڕان بەدوای زانست، بە بەشێک لە خواپەرستی دەزانێت و داوا لە مرۆڤ دەکات فێری خوێندن و نوسین ببن. هەرچی ڕوانگە فەلسەفییەکەیە، وا لێکیدەداتەوە، کە مرۆڤ بەسروشت حەزی بە فێربون و گەڕان بەدوای نهێنییەکانی دەوروبەر و بەدەستهێنانی زانست و زانیارییە. ئەم پرسیارە دەکرێت وەڵامی فرەچەشن لەخۆبگرێت، واتا دەکرێت کەسێک تەنیا بۆ حەز و ئارەزو بنوسێت، کەسێکی دیکە لەوانەیە بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و پلەوپایە و بەناوبانگبون بنوسێت، هەیشە بۆ ئەوە دەنوسێت، کۆمەڵگاکەی وشیار بکاتەوە، جاری واش هەیە، نوسەر بۆ هەڵوێستوەرگرتن دەنوسێت، کەواتە سروشتی پرسیارەکە بەو جۆرەیە، وەڵامی فرە چەشن لەخۆدەگرێت.

کاراکتەری سەرەکی پرسیاری کراوەی لە بوارە جیاجیاکاندا وروژاندووە، لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا پرسیار لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی کتێبی (ئینجیل) دەکات، کاتێک خودی پرسیارەکە ئاراستەی کاراکتەری دووەم دەکات و دەڵێت:

**" بۆچی چوار ئینجیلەکەش کە موژدەبەخشەکانت نوسیویانەتەوە هەریەکە و لە ئاوازێک دەخوێنن؟ " (حەسەن، ٢٠١٥، ٢١٢).**

ئەم جۆرە پرسیارانە وەڵامی هەمەجۆریان هەیە، بۆ کەسێکی مەسیحی وەڵامەکە بە جۆرێکە و بۆ کەسێکی توێژەر یان کەسێکی بێباوەڕ جۆرێکی دیکە، واتا باگراوندی مەعریفیی تاک ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. بۆ خستنەڕوی پرسیاری لەم چەشنە، وەڵامەکان و جۆری وەڵامەکان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە دەخرێنەڕو، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە پرسیاری کراوە بژاردەی ئەوەمان دەداتێ دید و بۆچون و تێگەیشتنی خۆمان بۆ وەڵامی پرسیارەکە بخەینەڕو.

کاراکتەری سەرەکی لەبارەی سزا و هەڕەشەکانی خودا بۆ مرۆڤ، پرسیارێکی لەم چەشنە لە (عیسا)ی مەسیح دەکات و دەپرسێت:

**"پرسیارەکەی من ئەوەیە کە بۆچی ئەو خەڵکە زۆر شێتانە و نەخۆشانە لەتەک قیامەتدا یەکانگیر و سەرسامت بوون؟ بۆچی تا ئەو شوێنە خۆمان دیل و بەندی وەها بیرۆکەیەک کردووە؟ وەک ئامادەبین ئاگرێک لەسەر دڵی قوربانییەکان بکەینەوە تا ئاسمان شادمان بێت؟ بۆچی دەبێت ژیان بۆخۆی وا سووک و چرووک بکرێت؟ بۆچی وەک مرۆڤەکانی سەردەمی دێرین بە نیازین لە ترسی خۆرگیران و مانگ گیران، دڵی چەندەها مرۆڤ بخەینە سەر خوانێک و بیرازێنینەوە نەبادا خۆر و مانگ بتۆرێن و نەیەنەوە، من لە تۆ دەپرسم ئەو هەموو ترس و هەڕەشەیە بۆچی هەیە؟ بۆچی یەکسەر و ئاسان تێکی نادات؟ "** (حەسەن، ٢٠١٥، ٢٢٤-٢٢٥)

هەمووو ئەو پرسیارانەی گێڕەرەوە دەیانخاتە بەردەم کاراکتەری دووەم، پرسیاری کراوە و لۆژیکین، ئایینەکان وەڵامی خۆیان هەیە، بەوەی خودا و ئاسمان مرۆڤ دەخەنە بەردەم تاقیکردنەوە و ئیمانی دڵیان بەمە هەڵدەسەنگێنێ و زۆرێک لە پێغەمبەران بە تاقیکردنەوەی وادا تێپەڕیون، بەڵام بۆ کەسێکی واقیعی و بێباوەڕ، هەمو ئەمانە لێکدانەوە و قسەی جیاجیایان لەبارەوە دەکرێت.

## ٣-٣- پرسیاری ئاینی بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە لە (ڕۆمانی دوا شەوی دابەزینی عیسا)دا:

پرسیار یەکێکە لە کۆڵەگە و بنەما سەرەکییەکانی مەعریفە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، لەڕێگەی پرسیارەوە دەتوانین بگەین بەو ئامانجە کە پێشتر دەستمان پێڕانەگەیشتووە، واتە بەدرێژایی مێژوو، مرۆڤایەتی لەڕێگەی پرسیار و ڕامانەوە توانیویەتی پەی بە نهێنییەکانی مرۆڤ و سروشت ببات، دەتوانین بڵێین، خۆشی و جوانیی پرسیار لەوەدایە کۆتایی نایەت، لەناو هەر پرسیارێکدا کە دەیکەین، مەبەستمان گەڕان نییە بۆ وەڵامێکی داخراو، بەڵکو لەناو هەر پرسیارێکدا دەکرێت چەندین پرسیاری دیکە چەکەرە بکەن و بەرەوڕومان بنەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp178-188

ڕۆماننوس لەیەکەمین لاپەرەی ڕۆمانەکەدا بە پرسیار دەست بەگێڕانەوە دەکات، بەڵام ئێمە لەو پرسیارەوە دێینە سەر باسەکەمان، کە پەیوەستە بە پرسیاری کراوە و مەعریفە و ئاستەکانی.

کاراکتەری (من)، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە وەک پەناهەندە چووەتە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەتاوی غوربەت و دوریی لە خاک و نیشتمان دەکەوێتە ناو گێژەنی خەون و خەیاڵ، ئەو کاراکتەرە دەکرێ وەک خەیاڵێک بەدوای فریادڕەسێکی ڕاستەقینەوە بوبێت، لەدیدگای ڕۆمانوسەوە ئازاترین کەس، کە بتوانێت هەمو ئەو پرسیارانەی ئاراستە بکات، (عیسا)ی پەیامبەرە.

ڕەنگە ئەوە زادەی هزری ڕۆمانوس بێت، بەڵام زۆربەی ئەو پرسیارانەی لە ڕێی هەردو تەکنیکی دایەلۆگ و مەنەلۆگەوە دەکرێن، پرسیاری کراوەی ئایینی و فەلسەفین، کە کاراکتەری "من" و "عیسا" یان (کاراکتەری سەرەکی و کاراکتەری دووەم) پێکەوە لەبارەیانەوە دەدوێن.

پرسیارە ڕاستەقینەکە لێرەوە دەستپێدەکات، کە کاراکتەری سەرەکی دەپرسێت:

**"لەم جەژنی (کریسمەس)ەدا بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ ئەم شەو کەس بیر لەو هەموو ئازارە دەکاتەوە کە (مەسیح) بەسەر خاچەوە چەشتی..ئەو هەموو خوێنەی کە لە جەستەی باریک و بنێسی داچۆڕا "** (حەسەن، ٢٠١٥، ١٠)

ئەمە یەکێکە لەپرسیارە هەرە گرنگەکان، هەم پەیوەندیی بە ئاستی ڕۆشەنبیریی تاکەکانەوە هەیە، هەم دەکرێت لەڕوانگەی ئایینەوە قسەی لەبارەوە بکرێ. ئەوە دیسان دەکەینەوە پرسیار، ئایا لەیادی لەدایکبونی مەسیحدا کەس بیر لەوەدەکاتەوە، کە (مەسیح) بەسەر خاچەوە چ ئازارێکی هەبوە؟

لەڕوانگەی ئایینییەوە، دەکرێ ئەمە وەڵامی هەبێت، ڕێگە بەوە بدرێت عیسای مەسیح پێغەمبەری خودایە و ئەو هەستی بەو ئازارە نەکردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە، فەلسەفەی ڕوانین و تێگەیشتنە لە جەوهەری پرسیارەکە، ئایا بەڕاستی تا ئێستا لە ڕۆژی لەدایکبونی مەسیحدا، کەس بیری لە ئازاری بەسەرخاچەوەبونی ئەو کردۆتەوە؟ بۆچی لەبری ئاهەنگگێڕان و خۆشی دەربڕین، کریسمس ناکەن بە شەوی پرسیارکردن و بیرکردنەوە لە مەرگەساتی مەسیح؟

نوسەر هەر بەوە ناوەستێ، دیسان پرسیار لەبارەی ڕابڕدووی پەیامبەرەکانەوە دەکات و بەمەش دەکرێ بچینە ناو هەندێک پرسیاری قووڵتر. کاتێک کاراکتەری (من) دەپرسێت:

**هەمان پرسیارم هەبووە بۆ جەژنی قوربان، ئەو وەختەی ئیبراهیم-ی باوک چەقۆ دەخاتە سەر گەردەنی ئیسماعیل.. خەیاڵی ئەوە دەمباتەوە بۆچی عیسا و ئیسماعیل بۆ قوربانی ئامادەکران؟(حەسەن،٢٠١٥،١٠).**

ئەمە وامان لێدەکات جارێکی دیکە بیر لە پرسیارێکی دیکە بکەینەوە، باوکەکان بەرامبەر کوڕەکانیان بۆ هێندە بێبەزەیین؟ لەکاتێکدا ئەمە پەیامی ئاسمان نییە، لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە، چونکە مەسیح کە خۆشەویستی خودایە، ئاسمان بەسەر خاچەوە دەیهێڵێتەوە، تا دەیگەڕێنێتەوە ئاسمان، ئەمە بۆ ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی پەیامبەریش ڕاستە، بەڵام کاتێک کاراکتەری سەرەکی دەڵێت:

**بۆچی باوکەکان ئاسوودە و بێخەیاڵ لەلایان شکۆمەندی بووە کوڕەکانیان لەتافی لاویدا خوێنی گەشی خۆیان ببەخشن بۆ نیاز و ڕازێک کە بەتەنها ئاسمان خۆی دەزانێت؟(حەسەن،٢٠١٥،١٠).**

ئەگەر لە دیدگای ئایینەوە بۆ ئەم بابەتە بڕوانین، دەکرێ بە وەڵامێکی لە سەدا سەد بگەین، کە ئەمە تاقیکردنەوەی خودایە بۆ پێغەمبەرەکانی، بەڵام لەدەرەوەی ئایین ئەمە بەشێوەیەکی دیکە جێ دەگرێت و وەڵامێکی دیکەی دەبێ، کە چەندین پرسیار بەدوای خۆیدا دەهێنێ، لەوەی بۆ دەبێ مرۆڤ بە کوشتن و مەرگ تاقیبکرێتەوە و لە کوشتن و مەرگیشدا، کوشتن و مردنی هەرە ئازیزان؟ کێن ئەوانەی پەند و مەعریفە لەو ئەزمونە وەردەگرن؟ ...هتد

دواتر و لەدرێژەی گێڕانەوەکەدا کاراکتەری سەرەکی لەباسی ئەوەی مەسیح چۆن دەتوانێ مرۆڤ ڕزگار بکات، قسە لەبارەی ئەوە دەکات، چۆن مەسیح دەتوانێت ئەو کارە بکات، کە دەگەنە سەر ئەو باسەی شەیتان لەناو ببەن، کاراکتەری سەرەکی پرسیارێکی قووڵ و جەوهەری دێنێتەوە پێشەوە و دەپرسێت:

**ئەی ئەگەر مرۆڤ خۆی بووبێت بەو شەیتانە؟ (حەسەن، ٢١٠٥، ٤٧).**

لەناو ئەم پرسیارەدا نیوە وەڵامێک هەیە، بەوەی دەکرێت مرۆڤ ببێت بە شەیتان. شەیتان لە ڕوانگەی زۆرێک لە ئایینەکانەوە نەگریسە و دەبێ فەرامۆش بکرێت، ئەگەر بەنەفرەتیش نەکرێ. پرسیاری کاراکتەری (من) دەکەوێتە خانەی پرسیاری داخراوەوە. ئایینەکان وەڵامێکی سنووردراریان بۆ پرسیارەکە هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە پرسیارەکە بە پرسیارێکی کراوە دادەندرێت، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی فەلسەفە هیچ وەڵامێکی چەسپاوی بۆ خودی پرسیارەکە پێ نییە و خۆی لە چەقبەستویی بەدور دەگرێت و زۆرجاریش ڕەنگە پرسیارەکە بەبێ واتا بزانێ، چونکە باوەڕی بە بونی شەیتان هەر نییە.

ڕۆمانی دوا شەوی دابەزینی عیسا، بەشێکی زۆری بۆ پرسیاری ئایینی تەرخانکراوە، تیایدا دەیان پرسیاری جەوهەری دەربارەی ئایین و بیروباوەڕە ئایینییەکان و کرۆکی ئایینەکان وروژێندراوە، لێرەدا چەند پرسیارێکی لەم چەشنە دەخەینەڕو، یەکێک لەو پرسیارانەی وروژێندراوە بابەتی حەڵاڵزادەیی و حەرامزادەییە، کاراکتەری من یاخود گێڕەرەوە ئەو پرسیارە لە (عیسا)ی مەسیح یان کاراکتەری دووەم دەکات، کاتێک دەڵێت:

**"عیسا : دەیەها ناو و ناتۆرەیان لە دایکم نا.. هەر لەو کاتەوەی لەناو لانکێ بووم تا داکوتانم بە خاچدا.**

**-بە خەمێکەوە پێم گووت: بەڵام من هەمیشە لە خۆم و لە دونیام پرسیوە کە منداڵێکی حەڵاڵزادە چی لە حەرامزادە زیاترە؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٦٨).

ئەمە پرسیارێکی جەوهەری و قووڵە، پرسیارکەر دەیەوێ گومان لای پرسیار لێکراو دروست بکات و ئەو بیرۆکەی بخاتە مێشکەوە، کە ئەم دو بونەوەرە جیاوازییان نییە و ئەوەی لە یەکیان جیاواز دەکاتەوە، تەنیا کۆمەڵگە و تاکەکانین، ئەگینا لەڕوی بایۆلۆجییەوە هەردوکیان هەمان پێکهاتەیان هەیە. هەرچی لایەنە ئایینییەکەی پرسیارەکەیە، ئەوا ئەم پرسە لە ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی دیکەی ئاسمانی نەهی لێکراوە و دەبێت منداڵ خستنەوە بکەوێتە دوای پڕۆسەی هاوسەرگیری، بە پێچەوانەوە ئەگەر بەدەر لەو ڕێوشوێنە منداڵ بێننە دونیا بە حەرامزادە ناوی دەبەن و منداڵەکەش بۆ هەمیشە بە چاوێکی خراپ سەیر دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا خودی منداڵەکە هیچ گوناهێکی نییە و باجی هەڵەی گەورەکان دەدات.

دواتر پرسیارێکیتر دێتەپێش، بەڵام جۆری پرسیارەکە لە شێوەی ناڕاستەوخۆدایە، کردنەوەی بابەتێکی لەم چەشنە ناڕاستەوخۆ دەبێتە پرسیاری(عیسا)ی مەسیح. گفتوگۆکە بەم جۆرە دەستپێدەکات، کاتێک کاراکتەری (من) لە مەسیح دەپرسێت:

**"هەموو مردووەکان بەناوی باوکیانەوە بانگ ناکرێن، بەڵکو بەناوی دایکیانەوە تەلقین دەدرێن"** (حەسەن،٢٠١٥، ١٦٢).

لە وەڵامی پرسارەکەدا (عیسا)ی مەسیح دیسان دەپرسێت :

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp178-188

**"جا چ نهێنییەک لەوەدایە؟"** (حەسەن،٢٠١٥، ١٦٢).

لەڕوانگەی ئایینییەوە دەکرێت ئەوەی لێ بخوێندرێتەوە، دایکی هەر کەسێک دیار و ئاشکرایە، وەک ئەوەی عیسای مەسیح، کە دایکی دیارە، بەڵام دەوروبەر و کۆمەڵگا گومان لە باوکی دەکەن، لەبارەی ئەوەی ئاخۆ حەڵاڵزادەیە یان نا، ئەوەشی لێ دەخوێندرێتەوە، کە دەکرێت بڵێین، ئەمە مانای پلە و ڕێزی ئافرەتە لای خودا.

لەپرسیارێکی دیکەدا، کە دەتوانین لەگەڵ ئەم بابەتە هاوپێچی بکەین، مەسیح لە کاراکتەری ''من'' دەپرسێت:

**"بۆچی ئەوەندە دڵنیایت کە شەڕ زاڵترە، لە خێر، ڕق گەورەترە لە خۆشەویستی؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٤٨).

سروشتی پرسیارەکە فرە لایەنە و لە بوارە جیاوازەکانەوە بووەتە پرسیارێکی جەوهەری و هەر بوارێک مەعریفە و تێگەیشتنێکی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە خستۆتەڕو؛ لە بواری دەروناسی، کە دەکەوێتە خانەی زانستەوە، دەروناسان بەوجۆرە وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە، کە مرۆڤ بە سروشت حەزی شەڕانگێزی تێیدا زاڵە و ئەمەش بۆ دیوی نەست (لاشعور)ی مرۆڤ دەگەڕێننەوە، کە دیوە ڕەسەن و شاراوەکەی ناخی مرۆڤە، بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی ئایینییەوە وەڵام بۆ ئەم پرسیارە دیاری بکەین، دەبێت بڵێین پەیام و ئامانجی ئایینەکان هەمیشە ئەوە بووە ڕق و کینە وەلابندرێت و خۆشەویستی جێگەی بگرێتەوە، ئەمە دەکرێ بکەینە پرسیاریش، بەڵام دەبێتە پرسیارێکی داخراو، چونکە ئەم پرسیارە هەڵگری یەک وەڵامە بەتایبەت لەڕوانگە ئایینییەکەوە، وەک دەزانین ئایینەکان و پەیامبەرەکان بۆ ئەوە هاتون، کە شەڕ بگۆڕن بۆ ئاشتی، ڕق بگۆڕن بۆ خۆشەویستی، تاریکی بگۆڕن بۆ ڕوناکی، ئاوەدانی بخەنە ناو کاولکارییەکان، کەواتە پەیامی ئایینەکان پەیامی خێر و دورکەوتنەوەیە لە ئاژاوە و ناتەبایی.

### ٣-٤- پرسیاری زانستی بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)دا:

ئەرکی بەرچاوی کاراکتەری سەرەکی لەناو ڕۆمانەکەدا، وروژاندنی پرسیار و گومانکردنە، ئەو بەجۆرێک متوی پرسیارکردن بووە، کاتێک عیسای مەسیح دەبینێ، هەرچی پرسیارە لوغزئامێزەکانن و بەدرێژایی مێژوی مرۆڤایەتی مرۆڤ بەدوای وەڵامێکی دروستیان دەگەڕێ، ئەو لە عیسای دەپرسێت.

وێڕای پرسیارە ئەبەدییەکان، کارەکتەری (من) پرسیاری دیکەش دەوروژێنێ، چونکە دیارە حەزی ئەو بۆ گەڕان بەدوای بەدەستهێنانی زانین و مەعریفە حەزێکی لەبنەهاتووە، بۆیە لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەکەدا کاراکتەری سەرەکی باسی ئەوە دەکات، لە تەمەنی هەرزەکاری و لاویدا خێزان و دەوروبەرەکەی پرسیاری باڵقبونیان لێکردووە:

**"سوێندیان دەدام کە ئاخۆ منی فەرمەسۆن باڵق بووم یان نا، دەگریام و دەم وت: باڵقبوون چییە؟**

**دەیانوت: بێزمۆت خەونی خراپ دەبینی؟ شەیتانی بوویت؟ خۆت تەڕ دەکەیت؟ دەمارت دەجوڵێت؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ١٨٠).

هەروەک دەبینین پرسیارەکە دەچێتە چوارچێوەی پرسیاری زانست لە بارەی بایۆلۆژی و هزر و جەستەی مرۆڤەوە، چونکە دیارە قۆناغی باڵغبون، پەیوەستە بە گەشەی مرۆڤ و گەورەبونی ئەندامانی جەستەی مرۆڤەوە، کە تیایدا مرۆڤ لە چەندین ڕووەوە گۆڕانی بەسەردا دێت.

کاراکتەری سەرەکی بەوە ناوەستێت و لە دیالۆگی لەگەڵ کاراکتەری دووەمدا پرسیار لەبارەی کەشوهەوای جیهان، کۆتایی دونیا و چارەنوسی مرۆڤایەتی دێنێتە پێش، وەک دەڵێت:

**"پێمبڵێ کە تۆ بۆ کارێکی گەورە هاتوویتەتەوە.. کۆتایی دونیا چۆنە و بە چی دەبێت.. لە ئاو و بەفردا دەخنکێین یان لە ئاگرێکی بێ ئاماندا دەسووتێین؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٨٥).

وەک دەبینین خودی جەوهەری پرسیارەکە ڕووەو ئایندە و ئەو بارودۆخە دژوارەیە، کە دەکرێت ڕۆژێک لە ڕۆژان مرۆڤایەتی بخاتە مەترسییەکی گەورەوە. ئەم پرسیارە دەکرێت، بە پرسیارێکی زانستی و فەلسەفیش دابندرێت، لە بواری زانستیدا ڕۆژانە کار و توێژینەوەی زانستی لەبارەی ئەگەر و مەترسییەکانی تێکچونی جیهان ئەنجام دەدرێت، بەشێک لە زانایانی بواری ژینگە ترسی ئەوەیان هەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهۆی پیسبونی ژینگە بەدەست کارگە، چەکە ئەتۆمییەکان، کەمبونەوەی ڕێژەی سەوزایی.. بەستەڵەکەکان بتوێنەوە و ڕێژەی ئاوی زەریاکان زیاد بکات و پلەی گەرمی بگاتە ئاستێک، کە ئیدی مرۆڤ نەتوانێت لەسەر ئەم هەسارەیە بژی، لێرەدا زانست پێمان دەڵێت، ئەگەر مرۆڤ فریای خۆی و زەوی نەکەوێت، یان دەسوتێت یان ژێرئاو دەکەوێت.

باسێکی دیکەی گرنگ کە سەرنجی زانایان و بیرمەندانی ڕاکێشاوە، هەبون یان هەڕەشەی داگیرکردنی زەوییە لەلایەن بونەوەرە ئاسمانییەکانەوە، ئەوەی کە تا ئێستاش جێگەی قسە و مشتومڕی زانایانە، لەم ڕۆمانەدا باس لەو بابەتە کراوە و پرسیاری ئەوە کراوە، کە ئەگەر دەنگۆی هەبونی وەها بونەوەرێک ڕاست بێت، ئاخۆ دەبێت بە چ زمانێک قسە بکەن و چۆن بمانسڕنەوە، هەروەک کاراکتەری (من) دەڵێت:

**"وا پێشبینی دەکرێت کە لەوانەیە لە جێگەی فریادڕەسێکی وەک تۆ بوونەوەری سەیر و سەمەرەی دیکە لە ئەستێرەکانی دیکەوە بێنە خوارێ، کەسانێک لە ئێمە زاناتر و چاکتر، پەیامنێر و سیخوڕ و پەیامبەری خۆیان بنێرن و فریومان بدەن.. یان بماندۆزنەوە و بمانگوێزنەوە یان بمانکوژن. بە چ زمانێک و چۆن؟" (حەسەن، ٢٠١٥، ٨٩).**

لێرەدا مەبەستی پرسیارەکە لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەو بونەوەرانە و تواناکانی ئەو بونەوەرانەیە، لەوەی کە چۆن مرۆڤ بسڕنەوە، هەروەها چۆن پەیوەندی بە یەکترییەوە دەکەن و لێک تێدەگەن، ئەمەش بەو واتایەی، کە جەوهەری پرسیارەکە دەربارەی ئەوەیە ئایا میکانیزم و ستراتیژی ئەو بونەوەرانە بۆ کوشتن و سڕینەوەی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە، ئاخۆ ئەبێت چ بێت چ ئامانجێکی لەپشتەوەبێت؟

پرسی کۆژانەوە و لەناوچونی زەوی لای گێڕەرەوە قسەی زۆری لەبارەوە کراوە، ئەمجارەیان پرسەکە قووڵتر دەکاتەوە و پرسیارەکە لەبارەی ئەستێرەکانی دیکەی نێو گەردونە؛ گێڕەرەوە پرسیار لە کاراکتەری (عیسا)ی مەسیح دەکات و دەڵێت:

**" وەلێ من لەوەدا ڕاماوم کە دەبێو گەردوندا ملیۆنەها ئەستێرە و مانگ و خۆری دیکە هەن، ئاخۆ ئەوانیش هەموو پێکەوە دەکوژێنەوە وەک ئەم ئەستێرە بەدبەختەی ئێمە کە بەدەستی خۆمان گەنیومان کرد! " (حەسەن، ٢٠١٥، ٨٦).**

وەک دەبینین پرسیارکردن لەبارەی کۆتاییهاتنی سەرلەبەری گەردونە، ئەوەی کە ملیۆنان ئەستێرە و مانگ و خۆری تێدا جێدەبێتەوە. ئەم پرسیارەش دەچێتە خانەی زانستی گەردوناسی.

ئەوەی جێگەی سەرنج و لێوردبونەوەیە، ئەوەیە، کاراکتەری گێڕەرەوە، کە پەناهەندەیەکی کوردی قوتبی باکورە پرسیارێکی زۆر جەوهەری لەبارەی ڕوداوێکی مێژویی پەیوەست بە نەتەوەی کورد ئاراستەی کاراکتەری عیسای مەسیح دەکات،

ئەویش کاتێک لێی دەپرسێت: **"تۆ ئاگات لە میلەتێک هەیە کە وەک تۆ چوار مێخەی کێشراوە و خوێنی لێ دەچۆڕێت؟" (حەسەن، ٢٠١٥، ٤٦).** خودی پرسیارەکە ڕەهەندی مێژوویی و ئەخلاقی و ویژدانییش لەخۆدەگرێت، ئەویش بەوەی بە گەڕانەوە بۆ مێژوو ئەوەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، کە ڕوداوێکی وەک ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ چ زوڵم و ستەم و ناهەقییەکی گەورە بو بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، بەجۆرێک، کە تاکو ئێستاش نەتەوەی کورد چاوەڕێی فریادڕەسێکە، بۆ ئەوەی ئازادی بکات و هەر چوار پارچەی کوردستان پێکەوە ببەستێتەوە.

## ٣-٥- پرسیاری فەلسەفی بۆ وەدەستهێنانی مەعریفە لە ڕۆمانی دوا شەوی دابەزینی عیسادا:

دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کە بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانەی فەلسەفە دەیانخاتەڕو، لە ئاییندا بەجۆرێک لەجۆرەکان خراونەتەڕو و وەڵامی پرسیارەکانیش دراونەتەوە، وەڵامەکانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەهان و بواری گفتوگۆ و کەنگەشەکردنی تێدا زۆر کەمە. ئەمە لە فەلسەفەدا پێچەوانە دەبێتەوە، واتە فەلسەفە فەزایەکی فراوانی بۆ پرسیارکردن هەیە و هەرگیز لە پرسیارکردن ناوەستێت، لەناو ڕۆحی پرسیارەکانەوە، پرسیاری دیکە دروست دەکات، **ئەمجۆرە پرسیارانە زۆر بەڕونی لەناو ڕۆمانەکەدا ڕەنگیانداوەتە، هەروەک** لە بەشێکی گێڕانەوەی ناو ڕۆمانەکەدا کاراکتەری (من) لە مەسیح دەپرسێت:

***"بۆچی مرۆڤ ناتوانێت بێ چاوەڕوانی بژیت؟"*** (حەسەن،٢٠١٥، ٩٩).

مەسەلەی بون و چاوەڕوانی مەسەلەیەکە وەک تانوپۆ وایە، بون و چاوەڕوانی بەچڕی بەناویەکدا چوون، ئەمە دەکرێت لە هەردو دیوی ئایین و فەلسەفە وەکیەک لێی بڕوانین، تەنها جیاوازییەکەیان ئەوەیە فەلسەفە دیسان دەپرسێتەوە، بۆ؟ فەلسەفەی نیهلیزم بەوردی باسی لەو بابەتە کردووە و ئەلبێرت کامۆ زۆر بەقووڵی ڕوچووەتە ناو ناواخنی ئەم پرسیارەوە.

فەلسەفە پێیوایە چاوەڕوانی پەیوەستە بە ئامانجەکانی مرۆڤ لە ژیان، لە ڕوانگەی فەلسەفەوە، ئەگەر مرۆڤ ئامانجی نەبێت، چاوەڕوانیشی نابێت، کەواتە چاوەڕوانی بەلای فەلسەفەوە پەیوەستە بە ئامانجەوە، ئەگەر نا مرۆڤ بێ ئامانج ناتوانێ چاوەڕوانیی هەبێت، کە چاوەڕوانییش نەبو، ئەوا توشی بێهوایی و ڕەشبینی دەبێت، لێرەدا دەکرێت بڵێین، واتاداربونی بونی مرۆڤ پەیوەستە بە چاوەڕوانییەوە.

کاری فەلسەفە دروستکردنی پرسیارە و هەرگیز بە وەڵامێکی کۆنکریتی ڕازی نابێت، بەڵکو بەڵگە و سەلماندنەکان و پێوەرەکانی لۆژیک دەکاتە پێوەری ڕاستی و دروستی و ماهییەتی شتەکان، کاراکتەری سەرەکی لە مەسیح دەپرسێت:

**"خەمی دونیام بەوە دەخوارد کە بۆچی ئێمەش وەک درەختەکان بۆمان نییە ڕووت بینەوە.. یان بۆچی بێجگە لە مرۆڤ کە هەڕەشەی قیامەتی لێکراوە.. هیچ بوونەوەرێکی دیکە ئەو سزایە نەدراوە؟ بۆچی ماسی و مەل و درەختەکان وەکو من و یارەکەم بەدەم عەشقەوە شێت نابن؟"** (حەسەن،٢٠١٥، ٥).

ئەگەر لە پرسیاری یەکەمەوە دەستپێبکەین، کە پرسی ڕوتبونەوەیە، ئەوا دو ڕەهەندی هەن، ڕەهەندێکیان ڕوکارییە و پەیوەندیی بە لایەنی دەرەوەی مرۆڤەوە هەیە و ئەوەی لای ڕۆماننوس جێی پرسیارە ئەوەیە، بۆچی درەختەکان گەورە دەبن و گەشەدەکەن، بێ ئەوەی پێویستییان بە خۆداپۆشین بێ، ئاوا دەمێننەوە؟ بەڵام ئێمەی مرۆڤ هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە و ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبونمان دادەپۆشرێین و دواییش خۆمان بەردەوامی بە خۆداپۆشین دەدەین؟ هەرچی ڕەهەندی دووەمە پەیوەندیی بە خۆداماڵینی مرۆڤ هەیە لە گشت ئەو دابونەریت و بیرکردنەوە و تێڕوانین و کەلتور و..هتد کە بەدرێژایی ژیانی وەریگرتون و بە ئاسانی ناتوانێ دەستبەرداریان بێت، ئەگەر دەستبەرداریشیان بێت، ئەوا پێویستی بە جێگرەوەیەک دەبێ، شوێنی ئەوەی پێشتر بگرێتەوە، ئەمەش واتە مرۆڤ تا ئەوکاتەی دەمرێ، ناتوانێ خۆی لێیان داماڵێت و تاکە شت لەدەستی دێت ئەوەیە بیانگۆڕێت.

پرسیاری دووەم کە لەم دەقەدا خراوەتەڕو، بریتییە لە پرسی لێپێچینەوە لە مرۆڤ و ترساندنی بە هەبونی قیامەت، کە مرۆڤ لە بونەوەرە دەگمەنەکانە ئەمەی پێگوتراوە و دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکات. ڕۆماننوس بەردەوامدەبێ و پرسیاری ئەوە دەکات، بۆچی شێتبون لەپێناو خۆشەویستی تایبەت کراوە بە مرۆڤ و ئەوانی دیکەی دەوروبەری شێت نابن؟ ئەم دو پرسیارەی دوایی بەتەواوی پەیوەندییان بە پرسیاری یەکەمەوە هەیە، کە پرسی ڕوتبونەوەیە و ئەو دەیەوێ بڵێ بۆچی مرۆڤ ئەو هەمو پرسانەی لێئاڵێنراون، بەڵام بونەوەری دیکەی دەوروبەری بەمشێوەیە نین؟

دوای ئەمە دێتە سەر باسی ئەو دەسەڵاتەی مرۆڤ هەیەتی و بونەوەرانی دیکەی دەوروبەری لێی بێبەشن:

**"بە چ حەقێک من و تۆ و ملیارەها مرۆڤ لەسەر زەمین ملیارەها زیندەوەر و گیانداری ناو زەریا و سەرخاک و ئاسمان دەکەنە خۆراکی ڕۆژانە؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٢١٩).

ئەم پرسیارە دەکرێت وەک پرسیارێکی فەلسەفی تەماشا بکرێت و ڕەهەندەکانی پشت ئەم کردارە لە گۆشەی جیاجیا شرۆڤە بکرێت، بەوەی ئاخۆ مرۆڤ ئەو هەمو بوێری و بێمنەتی و بێدڵیەی لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ وەڵامی ئەم پرسە ئەوەیە، کە مرۆڤ بۆ مانەوەی خۆی هەمو شتێک دەکات.

یەکێک لە پرسیارە هەرە سەرنجڕاکێشەکان کە ڕۆماننوس دەستی بۆ بردووە، بابەتی جوانی و خۆشی، ئازار و تلانەوەی حاڵەتی گیاندانە، ئەم پرسیارە چەند ڕەهەندێکی جیاوازی هەیە و دەچێتە بواری عیرفان، ئایین و فەلسەفە، کاتێک لە مەسیح دەپرسێت:

**"کە بەسەر خاچەوە دەتلایتەوە چریاندت: هۆ خودا: هۆ باوکە بۆچی منت بەتەنیا جێهێشت؟ پرسیارێک کە لە ئازار و تەنیاییەکی زۆرەوە هاتبێت: خودی پرسیارەکەشت هەر جێگەی گومانە، چونکە لەوە ناچێت ئەو چرپەیە بەگوێی هەمواندا گەیشتبێت، کەچی حەلاج کە بە شمشێر دایدەپاچن و خوێنی لێدەڕژێت: دەڵێت: وای لە جوانی ئەو هەموو ناز و دەلالە. کەچی تۆ دەڵێیت بۆ بەتەنیا جێتهێشتم؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٦٢).

هەڵبەت ئەمە پرسیارێکە توشی دۆشدامانمان دەکات، بەوەی بۆچی مەرگ و گیاندان بۆ کەسێکی وەک حەللاج ناز و نیعمەت و جوانییە، کەچی بۆ پێغەمبەری خودا ئەم حاڵەتە پڕە لە دەرد، ئازار و ناڕەحەتی، هەڵبەت مەرگ و ئازارەکانی پێش گیاندان پرسیارێکە فەلسەفە بەردەوام خۆی پێوە خەریککردووە، بەڵام ئەم پارادۆکسی هەست دەربڕینە دەبێتەوە بە پرسیاری فەلسەفە. دەبێت ئەوەمان بیرنەچێت، ئەم حاڵەتە لە عیرفاندا وەها لێکدەدرێتەوە کە جۆش و خرۆش و حاڵەتی نائاگایی حەللاج لەتاو گەیشتن بە حەزرەتی حەق، حەللاجی لە دۆخی ئاسایی خۆی دورخستۆتەوە و هەستی بەو ئازارە نەکردووە. ئەم پرسیارە لە عیرفاندا وەها لێکدەدرێتەوە، هەڵبەت، کە دەڵێین عیرفان، ئەوا دەبێت ئەوەش بزانین، عیرفان ڕەگی لە ئایینەوەیە.

پرسێکی دیکەی جەوهەری، کە فەلسەفە خۆی پێوە خەریک دەکات، بابەتی بون و نەبونە، لەمبارەوە (عیسا)ی مەسیح دەپرسێت، ئاخۆ جەوهەری ژیانی مرۆڤ چییە؟ یاخود چ سود و جوانی یان بەهایەکی هەیە، وەک ئەوەی کە دەڵێت:

**"ئای برادەر..زۆر سەیرە.. هەندێجار کە ئەو هەموو ئازارەم یاد دەکەوێتەوە کە لە ژیانی ئاسایی چەشتم، لە دڵی خۆمدا دەڵێم: کامەیان جوانتر بوو: بوون یان نەبوون؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ١٦٥).

لێرەدا پرسی جوانی و سودی ژیان دێتەپێش، هەرچەند مرۆڤ لەو ژیانەدا کاتییە و دواجار کۆتایی پێدێت، بەڵام هەمدیس ئاشقی ژیان و بونی لەنێو ئەو ژیانەدایە، لێرەدا پرسە فەلسەفییەکە لەوەدایە ئاخۆ بون و نەبونمان لەم ژیانە ناهەموار و ماندوکەرە چ بەها و قیمەتێکی هەیە؟ ئەگەر بونمان نەبایە بابەتەکە چۆن دەبوو؟ یان ئەگەر هەین چی لە بابەتەکان دەگۆڕێت؟

**٤- ئاستی پرسیارە مەعریفییەکان:**

**٤-١- پرسیار وەک بنەما بۆ وەدەستهێنانی مەعریفەی سادە:**

پرسیاری سادە زیاتر ئەو پرسیارانەن، کە وەڵامەکەی دیار و ئاشکرایە و تەنیا بە یادکردنەوەیەک زانیارییەکان لەبارەی پرسیارەکەوە وەدەستدێن و زیاتریش لە شێوەی پرسیاری داخراودان، ئەگەر لەم ڕووەوە سەیری ڕۆمانەکە بکەین، دەبینین ڕۆماننوس لە چەند شوێنێک و بەگوێرەی پێویستی گێڕانەوەکانی سودی لەم جۆرە پرسیارە وەرگرتووە، هەروەک لە دەستپێکی گێڕانەوەکەدا کاراکتەری (من) کە دەچێتە خەیاڵی هاودەمی و هاودەردبون لەگەڵ (عیسا)ی مەسیح بە خاچەوە، خۆی بیردەچێتەوە و نازانێت ئاخۆ دەبێ کێبێت، بۆیە پرسیار لە (عیسا) دەکات، کاتێک دەڵێت:

**"ئەی من کێم؟**
**تۆ.. تۆش یاوەرەکەی منیت.."** (حەسەن، ٢٠١٥، ٢٨).

هەروەک دەبینین سروشتی پرسیارەکە، شرۆڤەی زۆر هەڵناگرێت و (عیسا)ی مەسیح ڕاستەوخۆ وەڵامی دەداتەوە و ناکەوێتە بیرکردنەوە و لە پرسیارەکە قووڵنابێتەوە. هەر لە درێژەی گفتوگۆکەدا کاراکتەری (من) دوبارە پرسیارێکی دیکە لەبارەی دابەزینی لە ئاسمانەوە لێ دەکات و دەڵێت:

**" قوربان من زۆر بەختەوەرم کە بە ڕێکەوت میوانداری منت پەسند کرد، کەس لەوە ئاگادارە کە تۆ ئەمشەو لەسەر ئەم ئەستێرەیە دابەزیویت؟**
**عیسا : نەخێر."** (حەسەن، ٢٠١٥، ٤٤).

لە یەکەم دیدار و مامەڵەی ڕۆژانەمان چ لەگەڵ بێگانە چ لەگەڵ کەسانی دەوروبەرمان یان ئەوانەی هاوسۆزیمان لەگەڵیان هەیە، زیاتر پرسیاری سادەیان ئاراستە دەکەین و زانیاریی سادەیان لێ داوا دەکەین، ئەوەی کاراکتەری من داوای دەکات، تەنیا بە یەک وشە وەڵامەکەی بەرجەستە دەبێت و تێفکرین و لێکدانەوە هەڵناگرێت، بۆیە دەکرێت بە پرسیارێکی سادەی بزانین.

لەو ساتەی کە عیسای کاراکتەر لە ئاسمان دادەبەزێت و دەبێتە میوانی کاراکتەری (من)، کە پەناهەندەیەکی وڵاتانی قوتبی باکورە پرسیاری ئەوەی لێ دەکات، ئاخۆ ئەوە تابلۆی کێیە و ئەوەی لەناو تابلۆکەدایە کێییە؟ واتا خودی (عیسا)ی کاراکتەر خۆی ناناسێتەوە. گفتوگۆکە بەمجۆرە دەست پێدەکات:

**"عیسا: ئەم تابلۆیەت بۆ هەڵواسیوە و ئەوەی لە خاچدراوە کێیە؟**
**سەیرە.. دیسانەوە دەمخەیتەوە ناو گومانێک کە تۆ خێو بیت یان میوانێکی ناوەختی ناو خەیاڵی سەرمەستی یان خەونێکی هەڵبزرکاوی خۆم بیت. مەگەر نایزانیت ئەوەیان خۆتیت."** (حەسەن، ٢٠١٥، ١٠١).

وەک دەبینین شێوازی پرسیارەکە، پرسیارێکی سادەیە و داوای زانیارییەکی زۆر سادە دەکات، پرسیارکردنەکە بۆ ناسینی وێنەی کەسێکی ناو تابلۆکەیە، کە لەخاچدراوە. ئەمە بەو مانایە دێ کە (عیسا)ی مەسیح ئەو مەعریفەیەی لەبارەی چۆنیەتیی لەخاچدانەکەی پێ نییە، هیچ زانیارییەکی لەسەر ڕوخسار و ژیانی پێشتری خۆی لە خەیاڵدا نەماوە.

**٤-٢- پرسیار وەک بنەما بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەی ڕوکار:**

پرسیاری ڕوکاری، کە دووەم ئاستی پرسیارە لەڕوی تێگەیشتنەوە، زیاتر ئەو پرسیارانە دەگرێتە خۆی، کە مرۆڤ لەرێگەی دەوروبەر و فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی بەدەستی دێنێت و زانیاریی وردیان نییە. لە ڕۆمانەکەدا ئەم جۆرە پرسیارانە پتر بە بابەتە ئایینی و نەریتییەکانەوە پەیوەستن:

**"سەرەتام بە شەوێکی پڕ لە ئازار دەستی پێکرد، بۆچی ئەو کچانە دەبن بە ڕەبەن و بە پاکیزەیی لە پێناو مندا دەمرن؟" (حەسەن، ٢٠١٥، ١٩٧).** جەوهەری پرسیارەکە ئەوەیە، ئاخۆ دەبێت چ هۆکارێک وابکات، ئەو کچانە تەواوی ژیانی خۆیان بۆ کەسێک تەرخان بکەن و چاوەڕێی قیامەت بکەن، بۆ گەیشتن پێی. هەروەک دەزانین لە ئایینی مەسیحیەتدا بەشێک لە کچان دەبن بە ڕەبەن، بۆئەوەی لە ڕۆژی دواییدا بە حەزرەتی(مەسیح) شاد بن، واتا ئەو زانین و مەعریفەیەی کە ڕەبەنەکان هەیانە ئەوەیە، کە لە کڵێسا و لەڕێی دەوروبەر وەریانگرتووە، بەبێ ئەوەی وردەکاریی تەواو و دڵنیاکەر هەبێت. ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگە لای کەسێکی سەربە ئایینێکی دیکە جێگەی پێکەنین بێت، بەوەی هیچ بنەمایەکی عەقڵی و لۆژیکیی تێدا نییە.

کاراکتەری (من) لە شوێنێکی دیکە باسی ڕاسیستەکان دەکات و (عیسا)ی مەسیح پرسیاری لێ دەکات، ئاخۆ ئەوان کێن:

**" بەو سەر و سەکوڕ و قژ و قاڵەوە کە ڕەش ڕەش دەبریسکێتەوە....لە ڕێوارێکی ڕێ هەڵە کردووی بیابانەکانی عەرەبی دەچیت. بگرە تۆ بەم ڕەنگ و ڕوخسارەوە ڕقی ڕاسیستەکان وە ئاگا دێنیت. عیسا: ئەوان کێن؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ١٥١).

وەک دەبینین ئەو پرسیارەی کە عیسای مەسیح وروژاندی، پرسیارێکی ڕوکارییە و مرۆڤ لەرێگەی دەوروبەرەکەیەوە، زانیاری و مەعریفە لەبارەی ئەم جۆرە کەسانە پەیدا دەکات و بە قووڵی ناچنە ناو بابەتەکە و تەنیا چەند زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر تایبەتمەندیی ئەمجۆرە خەڵکە دەزانن، بەڵام ئەگەر لە جەوهەر و چییەتیی ڕاسیستەکان بگەین، پێویست بەوە دەکات خوێندنەوەیەکی چڕوپڕی بۆ بکرێت و ڕەوتە مێژووییەکەی شیبکرێتەوە.

**٤-٣- پرسیار وەک بنەما بۆ وەدەستهێنانی مەعریفەی قووڵ:**

مەعریفەی قووڵ، وەک وتمان، سەرنجدانی وردە لە بابەتەکان، کە لە ڕێی کەناڵە جیاوازەکانی بەدەستهێنانی مەعریفەوە پێی دەگەین، واتە ڕوچونە ناو وردەکاریی شتەکانە و دەیەوێت جەوهەری شتەکان ڕون بکاتەوە، تا لە شتێک بگەین، دەبێت پرسیار لەبارەی پاژەکانی بکەین. کاراکتەری (من) دێتە سەر باسی سەختی و ناهەمواریی ژیان و پرسیار لە (عیسا)ی مەسیح دەکات:

**"بۆچی هەزاران ساڵە بە ملیۆنەها گیرۆدەن بەدەست ژیانێکی جەهەننەم ئاساوە؟"** (حەسەن، ٢٠١٥، ٥٥)

سروشتی پرسیارەکە بەجۆرێکە، پێویستی بە شیکردنەوەی لایەنە بەشەکی و هۆکاری پشت ئەم جۆرە ژیانە هەیە، واتا ئێمە لەرێی شرۆڤەکردنی هۆکارە جیاوازەکانەوە مەعریفەی ئەوە بەدەست دەهێنین، ئاخۆ بۆچی مرۆڤ بە هەزاران ساڵە نەیتوانیوە ژیانێکی ئارام و ئاسودە بژیێت.

(من) پرسیاری قووڵتر دەکات و دێتە سەر ئەو باسە، داخۆ عیسا پێیوایە قیامەت نزیکبووەتەوە؟ ئەویش وەڵامدەداتەوە:

**"لەوەتەی گفتوگۆمانە من پرسیارێک و خولیایەکم هەیە کە بۆ تۆی بدرکێنم، پێت وایە نیشانەکانی قیامەت و کۆتایی دونیا دەرکەوتوون؟ ... لەوەتەی هاتوومەتە ژوورەکەت بێ سرەوتن دووبارە و دە بارەی دەکەیتەوە کە هەرچی جوانی و خێر و موجیبەت هەیە لای ئەو خەڵکە نەماوە، .. ئەم رازە مانای کۆتایی هەموو شتەکانە، دیارە بۆ من ئەوە خودی خۆشەویستییە کە ئەم ئەستێرەیە رادەگرێت" (حەسەن، ٢٠١٥، ٥١)**

پرسیاری (من)ی کارەکتەر قووڵە و وەڵامی عیساش قووڵتر. عیسا لەسەر ئەو بۆچوونەیە، کە قیامەت دادێ، چونکە خەڵک چیدیکە یەکتریان خۆشناوێ و نەمانی خۆشەویستیش، واتە کۆتاییهاتنی دونیا و داهاتنی قیامەت. هەروەها هەر لە رێی وەڵامی پرسیارەکەوە، عیسا ئەوەمان تێدەگەیەنێ، کە (من) بە ئەوی گوتووە، هەرچی جوانی و خێر و موجیبەتە خەڵک دەستبەرداریان بووە و ئەمانەش هەموویان هۆکارن بۆ داهاتنی قیامەت.

**"بوەستە کابرا.. بوەستە لە راهی ئاسمان.. ئەوە تۆ چیت؟ ئەو کچە.. ئەو مریەمەی تۆ.. کە دەڵێیت بوو بە قەشەژن و رەبەن و پاکیزە.. ئێستا.. لەکوێیە.. ئێستا؟ ..کە تۆ وا دێوانە بوویت چ عەجەب نەگەیشتن بە یەکدی؟ بۆچی بێهوودە من بەخۆتەوە شێت دەکەیت؟ بەم بەیت و بالۆرەوە گەرەکتە بڵێیت من کوشتوومە؟" (حەسەن، ٢٠١٥، ١٨٨)**

لەم پرسیارەدا، کە ئەمجارەیان عیسا پرسیارکەرە و (من) وەرگر، ئەو زانیارییەمان پێدەدات، کە ئەو بە هیچ شێوەیەک داوای ئەوەی نەکردووە، کچان لەبەر خاتری ئەو خۆیان ڕەبەن بکەن و مێرد نەکەن، چونکە (من) زۆر لەسەر ئەوە دەڕوا، کە ئەو (مەریەم)ەی ئەو خۆشی ویستووە، بەهۆی عیساوە بووە بە ڕەبەن و ئەوی بەجێهێشتووە. قووڵیی ئەم پرسیارە لەوەدایە، عیسا کۆڵەگەیەکی ئایینی مەسیحی ڕەتدەکاتەوە، کە پرسی خۆ ڕەبەنکردنی ژنانە بۆ ئەو.

## ٤-٤- پرسیار وەک بنەما بۆ وەدەستهێنانی مەعریفەی باڵا:

ئاستی ئەمجۆرە پرسیارە لە پلەیەکی بەرزدایە و پرسیارەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی مەعریفەیەکی گشتگیر و هەمەکین و خۆی لە بابەتە بەشەکییەکان بەدوردەگرێت، دەیەوێت خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ بابەتەکان بکات. ئەم پرسیارانە لە ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەون و قسەی لەبارەوە کراوە، بۆ نمونە کاتێک کاراکتەری (عیسا)ی مەسیح دەپرسێت:

**"ئێستا ئەوەی بۆ من و بۆ تۆ گرنگە ئەوەیە کە دوای دوو هەزار ساڵ دونیا چۆنە و چی بۆ بکەین؟" (حەسەن، ٢٠١٥، ٢٢٠).**

ئاستی پرسیارەکە بەجۆرێکە، پێویستی بە قووڵبوونەوە و هێنانەوەی بەڵگە و سەلماندنە، بۆئەوەی بزانین دوای دو هەزار ساڵ چی لە دونیادا گۆڕاوە، هەروەها پرسیارەکە ڕوی لە ئێستایە، بۆیە ئاستێکی بەرزی تێفکرینمان پێویستە، بۆئەوەی بزانین هەنوکە پێویستە چ بکرێت، واتا دەبێت بەگشتی لە تەواوی وردەکارییەکانی دونیا وردبینەوە و چارەسەری هەمەکی بۆ کێشەکان بخرێتەڕو. یەکێک لەو گۆڕانە فیکرییانەی ڕویداوە، ئەمەی خوارەوەیە:

**"کارەساتەکە لەوەدایە کە خودایان لە نێوان خۆیاندا لەت و پەت کردووە و هەر یەکە و بە هەوەسی خۆی خودایەکی بۆ خۆی داتاشیوە کە لە خودای ئەوی دیکە ناچێت، هەر خوێنە و وەک جۆگەلە دەڕوات و کەلە سەرەکان دەبات!" (حەسەن، ٢٠١٥، ٥٤)**

خودا، یەک خودایە و مرۆڤەکان دەیان شێوە و تایبەتمەندییان بۆ دیارکردووە و هەریەکەشیان پێی وایە خودا ئەوەیە، کە ئەو دەیناسێ و ئەوانی دیکە هەموویان لە ناسینی خودادا بە هەڵەداچون، بۆ ئەمەش لێبوردە نین و بۆ باشتر ناساندنی خوداکەیان، دەست بە خوێنڕشتن دەکەن.

نمونەیەکی دیکەی مەعریفەی باڵا لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا)، ئەمەی خوارەوەیە:

**"من نیازم نییە قەڵا و کۆشک لەسەر زەمین بە کەس بدەم.. من مەلەکوتی ئاسمانتان پێدەبەخشم.. من خەریکە وەک تۆ گومانم گەورەتر دەبێت.. گەرچی من هەمیشە گومانم هەبووە، بەڵام خۆم ئامادەبووم لە پێناو مرۆڤدا بفەوتێم و ببمە قوربانی. تۆ دادەپەروەری دەخوازیت.. من بەزەییم.. تۆ خەریکی لە تاو نائومێدی هەموو دەرگاکان دابخەیت.. کەچی من ئەو دەرگایانەم کردەوە کە هەمیشە داخرابوون.. تۆ ئاسوودەگی هەمووانت گەرەکە.. من کەمالی مرۆڤبوون، تۆ گەرەکت بووە دوژمن لەسەر خاکی خۆت دەربکەیت.. من ئەو دوژمنەی ناو ناخت!" (حەسەن، ٢٠١٥، ٥٨)**

لەم دایەلۆگەی نێوان (عیسا) و کارەکتەری (من)، چەند پرسێک خراونەتەڕو: لەسەرەتادا عیسا ئەوە لە (من) دەگەیەنێ، کە ئەو هەرچی پەیوەندیی بە ماددەوە هەبێ، نایدا بە کەس و ئەو نەهاتووە کۆشک و قەڵا بداتە کەس، ئەو دەیەوێ مرۆڤەکان بەزەییان بەیەکدا بێتەوە و ئومێدیان هەبێ و لەم ڕێیەشەوە جۆرێک لە کەمال بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن و ئەو دوژمنەی لە ناخیاندایە، ڕامی بکەن. لە بەرانبەریشدا هەر لەسەر زاری ئەو، (من)گومان، نائومێدی، ئاسودەیی و بەرەنگاربونەوەی دوژمنی هەڵبژاردووە و وەکو بابەتی گرنگی ژیان لەبارەیانەوە دەدوێ. ئەم بابەتانەی (عیسا) و (من)ی کارەکتەر گفتوگۆ و پرسیاریان لەبارەوە دەکەن، زۆربەیان دژن و هەندێکیشیان تەواوکەر، بەڵام هەر هەموویان بابەتی گرنگن و کاریگەریی بەهێزیان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە.

پێدانی زانیاری لەنێوان هەردو کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا) بەردەوامە و هەردو پرسی گومان و بەکارهێنانی ئاوەز، وەک دو پرسی گرنگی تایبەت بە ژیانی مرۆڤ، قسەیان لەبارەوە کراوە:

**"لای ئێمە بە گشتی پرسیار و گومان دوو حەرامی گەورەن.. ئەوەش بۆ من کوشتنی عەقڵ خۆیەتی کە دواجار دەگاتە کوشتنی مرۆڤ خۆی!" (حەسەن، ٢٠١٥، ٥٨)**

وێڕای ئەوەی (پرسیار) گرنگترین تەوەری ڕۆمانەکەیە، بەڵام (من)ی کارەکتەر دان بەوەدا دەنێ، کە لەو ژینگەیەی ئەوی تێدا گەورەبووە، مرۆڤ نابێ گومان بکا، هەرچەندە ئەو بڕوای خۆی ناشارێتەوە، بەوەی پرسیار و گومان نەکردن، واتە کوشتنی عەقڵ، چونکە عەقڵ بەم دو چالاکییەوە زیندووە، هەروەها کوشتنی عەقڵیش بە کوشتنی مرۆڤ دەزانێت. مرۆڤ عەقڵی هەیە و لە ڕێی عەقڵیشەوە بیردەکاتەوە و بەمەش هەیە، بەڵام کە عەقڵێت کوشت، لە بیرکردنەوە دادەماڵێ و ئیدی خۆشی دەکوژی، ئەمەش مەعریفەیەکی باڵایە کە ئێمە لە گفتوگۆی هەردو کارەکتەر دەستمان دەکەوێت.

## ٥- ئەنجام:

١. ڕۆمانوس (پرسیار)ی لە ڕۆمانی (دوا شەوی دابەزینی عیسا) کردووە بە تەوەری هەرە سەرەکیی ڕۆمانەکە و بناغەی چنینی ڕۆمانەکەی لەسەر پرسیار داناوە.
٢. لە ڕۆمانەکەدا (پرسیار)ی داخراوی مەعریفی و پرسیاری کراوەی مەعریفی خراونەتەڕو.
٣. هەندێک لەو پرسیارانەی کراون، تەنیا بە شێوە وەکو پرسیار دەربڕاون، ئەگینا خۆیان زانیارین و بە خوێنەر دەدرێن.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp178-188

٤. بەشێک لەو پرسیارانەی لە ڕۆمانەکەدا کراون، کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە وەڵامی یەکتر دەدەنەوە و لەم ڕێیەشەوە خوێنەر وەڵامی دەستدەکەوێ، بەڵام هەندێک لە پرسیارەکان تەنیا پرسیارن و وەڵام بۆ خوێنەر جێدەهێڵن.
٥. ئەو بابەتانەی پرسیاریان لەبارەوە کراوە، پرسیاری ئایینی، فەلسەفی و زانستین.
٦. لەبارەی ئاستی بەشێک لەو پرسیارانەی کراون: هەندێک لە پرسیارەکان سادەن و پێویستیان بە لێوردبونەوە و ڕامان نییە و هەندێکیشیان قووڵن و لەئاستی باڵادان و خوێنەر ناچاردەکەن، دابمێنێ و ڕابمێنێ و بە وردی بەدوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێ و ئەوانەی وەڵامیش دراونەتەوە، لە وەڵامەکانیان قووڵبێتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠٠٩)، سەرەتایەک لەبارەی سۆسۆلۆژیای مەعریفە، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

حەسەن، شێرزاد (٢٠١٥)، دوا شەوی دابەزینی عیسا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنوس.

عزیز، حمید(د) (٢٠١٤)، بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، بڵاوکراوەکانی ئاویر، هەولێر.

شەریفی، فەرشید(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

عبداللە زادە، عبداللە(٢٠١٥). فەرهەنگی ژیان، مؤسسە انتشاراتی حسینی اصل، اورمیە.

اویزرمان، تیودور(١٩٨٢)، تطور فکر الفلسفی، ترجمة/ سمیر کریم، الطبعة الثالثة، بیروت.

حائری، صفایی(١٣٩٠)، انسان در دو فصل، چاپ شیشم، قم: لیلة القدر.

حجتی زادە، راضیە(١٣٩٤)، پرسش از پرسش، گونەها و کارکرد پرسش در دیوان حکیم ناصر خسرو، دو فصلنامە زبان و ادبیات فارسی، شمارە ٧٩.

حیدری، احمد علی و حاتمیان، علی(١٣٩٩)، چیستی و جایگاە پرسش در آثار هیدیگر متقدم، دو فصلنامە فلسفی شناخت : پژوهشنامە علوم انسانی.

سجادیە، نرگز و خلیل آباد، سارا طوسییان(١٣٩٥)، فهم پرسش و کلاس درس از منظر گادامر :تبینی پرسش محور از فرآیند تدریس، مجلە پژوهش نامە مبانی تعلیم و تربیت، شال شیشم، شمارە ٢.

سجادیە نرگس و دیگران(١٣٩٦)، رویکردی تربیتی بە کارکردهای پرسش از منظر قرآن کریم، دو فصلنامە علمی پژوهشی کتاب قیم، سال هفتم، شمارە : ١٦.

سروش عبدالکریم(١٣٨٦)، علم چیست و فلسفە چیست، مؤسسە فرهنگ سرات.

فرزاد، عبدالحسین(١٣٨٣)، نقد و بررسی اندیشە خردگرایی و آزاد اندیشی در شعر متنبی و ناصر خسرو و قبادیانی، پژوهشنامە علوم انسانی ، ویژەنامە زبان و ادبیات فارسی، دورە اول، شمارە ٤٥-٤٦.

کریمی، سید مسعود موسوی(١٣٩٤)، باور دینی و شناخت افلاطونی، پژوهشگاە علوم انسانی و مطالعاتی فرهنگی- پرتال جامع علوم انسانی.

کهون، لارنس(١٣٩٤)، از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، ویراستار فارسی : عبدالکریم رشیدیان، نشر نی، تهران.

واعضی، احمد(١٣٨٥)، درآمدی بر هرمنتیک، چاپ سوم، پژوهشگاە فرهنگ و اندیشە اسلامی، تهران.

وحدانی فر، امید و احمد امیری و فاطمە شکیبا(١٣٩٥)، پرسش و پاسخ در آثار ناصر خسرو، نشریەی ادب و زبان، دانشکدە ادبیات و علوم انسانی، دانشگاە باهنر کرمان، شمارە ٤٠.

هارلن، وین(١٣٧٩)، نگرش نو بر آموزش علوم تجربی، ترجمە/ ساهدە سعیدی، تهران.

دیکارت (١٩٧٥)، مبادیء الفلسفة، ترجمة/ د.عثمان امین، دار الثقافة للطباعة و النشر، مطبعة دار النشر الثقافة، قاهرە.

Suminar, Dewi retno and others, (2020).intellectual values and epistemological understanding of middle school students in indonesia. Humanitas Indonesian psychological journal. Vol 17, no 2, p113-122.

Heidegger, M (1996). Being and Time, State University of New York Press.